
# "Life for us" ژیان بۆ ئێمە

## ئێوارەیەکی شیعر و مۆسیقا

**رۆژی یەکشەممە 2004-10-3** **کات: 4 تا 7**




کۆمەڵگای کوردیی لە لەندەن خۆشحاڵە
بە بانگهێشتکردنتان بۆ ئێوارە کۆڕێک بە بۆنەی
دەرچوونی یەکەم کۆمەڵە شیعریی ئینگلیزی
"چۆمان هەردی" لە ژێر ناونیشانی "ژیان بۆ ئیمە"دا،
کە "Bloodaxe" لە ساڵی ٢٠٠٤ دا بڵاویکردۆتەوە.

**ئەم ئێوارە شیعرییە رۆژی یەکشەممە، ٣ی ئۆکتۆبەر، کاتژمێر ٤ی ئێوارە سازدەکرێت**

مۆسیقا لە لایەن
**تارا جاف:** بە تێکەڵەیەکی داهێنەرانە لە قیسارە(هارپ)و گۆرانی ڕەسەنی کوردی بەشداری دەکات.

«چۆمان هەردی» لە کوردستانی عیراقدا، پێش ئەوەی خێزانەکەی هەڵبێت بۆ ئێران، لە دایک بووە، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی خۆی، بەڵام لە تەمەنی چواردە ساڵیدا، کاتێک کورد ڕووبەڕووی پەلاماری چەکی کیمیاوی بووەوە، خێزانەکەی ناچاربوون پەنابەرنەوە بەر تاراوگە. «چۆمان» پێش گەیشتنی بۆ بریتانیا لە ساڵی ١٩٩٣دا، لە عیراق و ئێران و تورکیا ژیاوە. شیعرەکانی چۆمان ژیانی ئاوارەیی و ترس، سەرکوتکردن و کۆیلەکردنی ئافرەت، خۆشەویستی خێزان و جەنگ و مانەوە وێنا دەکات.
"ژیان بۆ ئێمە" کۆمەڵە شیعرێکی پڕ لە سۆز و ئامێزگەرانەیە کە لەلایەک تێکۆشانی ئەو مرۆڤگەلە دەخاتە ڕوو کە لەسەر نەخشەی جیهان نوێنەرایەتی نەکراون، لە لایەکی دیکەش ئازارەکانی تاراوگە دەخاتەڕوو.

**"جۆرج سێرتیس" دەڵێت:**
"شیعرەکانی چۆمان هەردی لە تراژیدیا و جەنگ و چەوسانەوە و پەرتەوازەیی دەدوێ. بەڵام ریتم و جوانی ئەم دواندنە، شیعرەکان دەباتە ئەودیو راپۆرتکردنێکی سادەی ڕاستیەکانەوە. لەم دەنگەدا جۆریک لە هێمنی و شارستانیبوون هەیە کە هاوارەکانی سارێژکەرە و فرمێسکەکانی بریتینین لە بەزەیی هاتنەوە بەخۆدا، بەڵکو فرمێسکەکانی شیوەنێکی هەمیشەیین کە بە تازەیی لێرەدا وێناکراون و لە قاڵبێکی نوێتردا شێوەدەگرن. بەزەیی لێرەدا هەیە، بەڵام هۆنراوەکان لە ناو بەزەییدا نین، بەڵکو بەزەیی لە ناو هۆنراوەکاندا هەیە".

**هەروەها "مۆنیزا ئالڤی" دەڵێت:** "ئەمە کۆمەڵە شیعرێکی بەهێزە کە گرنگیەکی بێسنووری هەیە".

**خواردن و خواردنەوەش ئامادە دەبێت**

شوێنی کۆڕەکە: **The Irish Centre**
Blacks Road
Hammersmith W6 9DT
نزیکترین ئەندەرگراوند: Hammersmith

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندیی بکەن بە:
**عەتا موفتی:** 07956 49 2252
**تارا جاف:** 07931 325932
**مەهاباد ساڵح:** 020 8563 7918

بنکەی پەنابەرانی کورد (کیا)

کۆمەڵگای کورد

دەزگای خانووبەرەی کوردی

مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد